# بۆ مامۆستا جەمال تاهیر-ی باوك

بیرەوەری من لەگەڵ بابم زۆر کەمە, هەمووی تەنها وەك خەوێك لەبەرچاوم ماوون, چونکە کاتێ بابم شەهید بوو,گیانی بەکوردو کوردستان سپارد, تەمەنی بەندە تەنها شەشساڵ دەبوو.

یەکێ لەوشتانە کە پێویستە باس بکرێ ئەوەبوو کە بابم زۆر سەرگەرمی کاری سیاسیی بوو, بۆ نمونە جارێکیان بەندە لەگەڵ دایکی خۆشەویستم, ویستمان سەردانی بکەین کە ئەوکات لەناوچەی ناوزەنگو قاسمەڕەش بوو, دوای بڕینی ماوەیەکی زۆر کە تیایدا زۆر ماندوو بووبووین, چونکە بەپێ دەڕۆیشتین, ئەوەبوو, پاش گەیشتنمان وەپێشوازی کردنمان , یەکسەر باوکم لەگەڵ هاوڕێکانی جێهێشتینو بەرەو کۆبوونەوە بەڕێکەوت, منیش لەگەڵ دایکم بەتەنها لەژوورێکی بچووکی قوڕدا ماینەوە, بەسەر گردێکەوە کە زۆر ترسناك بوو, دەنگی گورگو سەگ دەیتۆقاندی, سەیرم کرد دایکم دەگری, بۆیە منیش وتم دایە ئێستا بێ دەنگ نەبی هاوار بۆ باوکم دەکەم, چونکە هێشتا باوکم لەبەرچاو ون نەبوو بوو, کاتێ دەچووە خوارێ لەسەرگردەکە (ئەمەش بۆیە باسدەکەم بۆ ئەوەی دەربکەوێ کە مرۆڤی پێشمەرگەی ئەو وەختە بە کەلوپەلێکی سادەی زۆر کەم لەناوچەیەك کە تەنها دەنگی ئاژەڵ دەبیسترا, بەبیرو باوەڕێکی پۆڵاینی زۆرەوە توانییان ئەم ڕۆژە ئازادە بەرهەم بهێنن).

٭هەروەها باوکم نموونەی باوکێکی میهرەبان بوو, هەردەم بەقسەی خۆشو بەپێکەنینەوە وەڵامی داینەوە, زۆر حەزی دەکرد کە ڕۆشنبیرو زیرەك بین, زۆر حەزی دەکرد تریفە-ی خوشکە گەورەمان ببێتە پزیشکی ددان, بەڵام بەهۆی بارودۆخی سەختی ئەوکات, تریفە نەیتوانی ئەو هیوایە بهێنێتە دی, بۆیە ئێستا خۆم بەبەختەوەر دەزانم کە ئەم داخوازیيەی بابم بەجێ هێناوە, هەرچەندە خۆشی بەچاوی خۆی نەیدی, بەڵام دڵنیام ئێستا بابم زۆر خۆشحاڵەو دەیەوێ پیرۆزباییم لێ بکات.

لەکۆتاییدا ئەمەوێ بڵێم باوکم هەموو ژیانی بۆ کوردو کوردستان تەرخان کرد, نمونەش ئەوەیە من باوکی خۆم تا شەهید بوونی, بڕواناکەم زیاتر لەمانگێ بینیبێ, چونکە یان لە زینداندا بوو, یان لەکۆبوونەوە بووەو درەنگانی شەو هاتۆتەوە کە ئێمە لەگەرمەی خەودا بووین, یان لە کۆتاییشدا, بوو بە پێشمەرگەو لە ساڵانی 1982-1983 لەشاخ بووە, بۆیە باوکم بەراستی نموونەی مرۆڤ, مامۆستا, خوێندکار, هەژار, چەوساوە, پێشمەرگە بوو.

هەزاران دروودو ڕەحمەت لەسەر گڵکۆی پیرۆزت بێ, ئەی ئەو مرۆڤەی لەسایەی تۆو هاوڕێکانتدا, ڕۆژی سەرفرازیمان بۆ مسۆگەر بوو.

د. سۆران جەمال تاهیر

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com